# "لەپشت هەموو قوربانییەکی توندوتیژی ئافرەتان پیاوێك هەیە لەپشت هەر ڕێکخراوێکی ژنانیش حیزبێك هەیە"

## ڕێگا ڕەئوف بۆ هاوڵاتی

ڕەحمان غەریب - سلێمانی

**ئەو لەگەڵ کۆمەڵێك لەهەڵسوڕاوانی تری کۆمۆنیستی، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیان دامەزراند، پاشان خانەی پارێزگاری لە ژنان، کۆمەڵێك ئەستێرەی دیاری ناو بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستان بوون، لەپڕێکدا هەندێ لەو ئەستێرانە کشان، ڕێکخراوەکەشیان بوو بە قوربانی ئەو توندتیژییە چەکدارییەی کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کوردستانی گرتەوە. ئێستا یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، هاوڵاتی چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە ئەو هەندێکی بە پرسیاری «ئیستفزازی» وەسفکرد**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**هاوڵاتی:** مەبەستتان ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان؟

**ڕێگا ڕەئوف:** بەڵێ کۆمیتەیەکی هاوبەشمان هەبوو، بەڕاستی بڕیاری حیزبی لەو ناوەندە زاڵ نەدەکرا بەسەر بڕیاری هاوبەشی ژنان، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نایەکسانیو توندوتیژی هەموو پێکەوە بڕیارمان دەدا، ئەمە بەو پەڕی شانازی باسی ئەکەم، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بڕیاری حیزبی کۆمەنیست نەدەهێناو حیزبیش هەر ئەوەیان نەدەویست. هەوەها ئەوانی تریش نەجیبە مەحمود شیوعی بوو بەڵام وەك هەڵسوڕاوێکی ناوەندەکە کاری دەکرد.

**هاوڵاتی:** باست لەوەکرد ناوەندی هاوبەش پێکەوە هەموتان پێکتان هێنا، هەر بە بڕیاری جەمعی سستو لاوازتان کرد تا قۆناغی هەڵوەشانەوە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** بەڕاستی دەیڵێم ئەوکات ڕووحییەتی کاری هاوبەش قەناعەت بۆ کاری دستەجەمعی بەهێزتر بوو لە ئێستا، ئێستا روحییەتی تاکڕەویی زاڵترە، قانونی یەکی ئەحوالی شەخسی بە تەوافق ئامادە کراو، نەیەکێتی ژنان نە کۆمەڵەی ئافرەتان، نەئەوەوانەی تریش نەگەڕانەوە بۆ حیزبەکانیان، کە کارەکە پەیوەندی بە بڕیاری ناوخۆی خۆمانەوە دەبوو، ئەیانتوانی لە چوار چێوەی حیزب بڕۆنە دەرەوە، بەڵام من ئێستا زۆر زەعیف ئەوە ئەبینم. بەڵام پاش داخستنی دەرگای بارەگاکانی ڕێکخراوی سەربەخۆ ناوەند لاواز بوو. ئەمە مانای ئەوەیە بەبڕیار هەڵوەشاوەتەوە، تێکەڵبوونی کۆمەڵێ هۆکاری بابەتیو زاتییە، کە ڕێکخراوەکان لەناویدا کاریان دەکرد، ئەو هۆکارانە لەکاری هاوبەش بەهێزتر بوون.

**هاوڵاتی:** ئێستا تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکان هەیە، ڕێکخراوەکانی ژنان هەن چالاکی ئەکەن، بارەگایان هەیە، تۆ ناتەوێ بیبینیت؟

**ڕێگا ڕەئوف:** بەڵێ بارەگایان هەیە، بارەگای گەورەیان هەیە. ژمارەی بارەگاکانیان لە ژمارەی پرۆژەکانیان زیاترە، تا بارەگاکانیان گەورەتر بێت، خەمی ژنانیان کەمتر دەبێت، ئەمانە ڕاستین. لەپشتی هەر یەك لەو ڕێکخراوانە حیزبێکی بڕیاردەر هەیە، وەك چۆن لەپشتی قوربانییەکانی توندوتیژی ئافرەتان پیاوێك هەیە. ئەم ژینگەیە هەڵسوڕاوی سەربەخۆی تیا پێناگات. ڕێکخراوی کارای تیا هەڵناکەوێت. ئەگەر دەستکەوتێکیش هەبێت بۆ ڕێکخراو و تۆڕی حیزبەکان تۆمار ناکرێت. ئەوە فشاری بیری پێشکەوتوی کۆمەڵگایە، کە فشار بۆ حیزبو ڕێکخراوەکانی دەهێنێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی بکات.

**هاوڵاتی:** مەبەستت ئەوەیە ناوەندی کاری هاوبەش ئەبێت ئێوەی تیا بن بۆ ئەوەی بەهێزو بێلایەن بێت، ئێوەی تیا نەبن بەدبەختو لایەندارە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** من وام نەوتوە، بەڵام نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، لە هەولێر هەوڵمدا لایەنەکانی ئەو ناوەندە هاوبەشانە ببینم، مەحاوەلەم کرد پەیوەندیم لەگەڵ کردن، چونکە زۆرینە ئامادە نەبون، نەمانتوانی دانیشتن بکەین، خۆ لەو کۆبونەوەیە لەوانەیە هیچ شتێکی دەنگدان ڕووی نەدایە، بەڵام هیچ ڕێکخراوێك سیقەی بە ڕێکخراوێکی دیکە نەبوو. ئەوە بەدبەختییە تۆ ئەگەر ناوندێکی هاوبەشت هەبێت، ئەگەر یەك نێوەندیش لە نێوەندەکان بڕوات ئەبێت ڕەفزییەتی هەبێت سیقەی ئەوەی هەبێت بە ڕێکخراوەکەی تر، بەڵام سیقەیان بەیەکتر نییە.

**هاوڵاتی:** تۆ زۆر باسی ناوەندی هاوبەش دەکەیت، ئەتوانین بڵێین ناوەندی هاوبەش یەکسانە بە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان؟ ئەمە غرورە؟ یان ڕاستی؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ناوەندی هاوبەش بە دەست پێشخەری ڕێکخراوی سەر بەخۆی ئافرەتان دامەزراوە، یەکێك بووم لە دامەزرێنەرانی. یەکەم کارمان قەزییەکەی کەژاڵ خدر بوو. ئەگەر غروری هەبێت زۆر خراپە، بە هەڵەی نازانم شانازی پێوەبکەین، جائەگەر بە غروری بشکێتەوە ئەوە خەتای هوشیاری ئەوانی ترە. هەر دەورەیەکی تاریخی هەر ڕێکخراوێ بەبەشێك ئەناسرێتەوە، منیش وەك ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە سەنتەری پارێزگاری ژنان خۆم ئەناسمەوە، کاری موشتەرەکی ڕێکخراوەکانی ژنان ناوەندی هاوبەش مەسەلەی وەستانەوە بەڕووی تیرۆری ژنان، کە ناتوانم ئینکاری لێبکەم بەستراوە بە تاریخی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان.

**هاوڵاتی:** کێ تاریخ ئەنوسێتەوە؟ ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان؟

**ڕێگا ڕەئوف:** هەموو ئەمانە ئێستا وەڵامەکەی زۆر زەحمەتە. تازە ناتوانرێت تاریخ بسڕدرێتەوە، وەك تاریخ ئەم شتانە وانو لە پێشەوە وتم تەجروبەمان زۆر پشانی ڕێکخراوەکانی تر داوە.

**هاوڵاتی:** ئەڵێن ئێوە ڕێکخراوی سەردەمێك بون قان درابوو بەدروشمی جێبەجێنەکراو، ئەمە بەڕاست ئەزانن؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ڕاستە ئێمە وەکو ڕێکخراو ئامادەیی نەماوە، لە دەرەوەی ١٠ ساڵەی نەوەدەکان خۆپیشاندانو ئیمزاکۆکردنەوە سیمینارو سەنتەری پارێزگاری لە ژنانو پێشکەشکردنی یاداشتو پرۆژە یاسا، هەموو ئەمانە فەخری پێوە بکەین ئێستا هەڵسوڕاوانی ئەو ڕێکخراوە، لە ڕێکخراوی گەورەتر کار دەکەن. ئێمە وەکو ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق بە ئەقڵێتێکی تر بیر ئەکەینەوە، ناچین وەك ڕێکخراوەکانی ئێرە بین. لێرە تەزحییە بە ژن زۆر ئەدرێت، ڕێکخراوەکانی ژنان بەس خەریکن مەشاکلی نێوان خۆیان حەل بکەن. بۆ ئەوەی لەم کاسە بێینە دەرەوە، دنیا گەورەتر ببینین، حەتمەن لە کارەکانیشمان. ئینجا تاچەند سەرکەوتوو بو نازانم.

**هاوڵاتی:** نیازتان نییە ئەزمونی خۆتان وەك کارو چالاکیو پەیوەندیتان بە حیزبی کۆمۆنیست هەڵسەنگێنن؟

**ڕێگا ڕەئوف:** تەجروبەی ئێمە خاڵی بەهێزی زۆری تێدایە. سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، بەڵام گەورەترین زەربەشمان خواردووە. ئەم لێدانەی ئێمەش بەهۆی پەیوەست بونامان بوو لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست. لێدانی حیزبی کۆمۆنیست، نادیموکراسترین هەنگاو بوو لەلایەن دەسەڵاتی ئێرەوە. وەك ڕێکخراوێکی جەماوەری بەگشتی نەمان توانی پەرە بە کارو چالاکی خۆمان بدەین، ئەمە ناخەمە ئەستۆی حیزبی کۆمۆنیست. هەڵکەندنی ڕێکخراو و پاشانیش ئەندامان لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئێرەیە. ئێمە ڕێکخراوێك بوین کارمان بۆ ژنان ئەکرد، یەکێتی کاری سەرەکی،لێپرسراوی سەرەکییە لەم کارە،چونکە ئێمە ڕێکخراوێك بوین بەواقیع ئیشمان ئەکرد. یەکێتی نەیشاردەوە پێیان وتین لەمەودوا ئێمە تەحەمولی ئێوە ناکەین، مەسەلەکەش دیاربوو بۆ ڕازیکردنی کێ بوو، دەرگای بارەگاکانیان داخستینو هێرشی چەکدارانەیان کردە سەرمان.

**هاوڵاتی:** هیوادارارم ئەوندەی پەیوەندی بە پرسیارەکانی هاوڵاتیەوە هەیە نیگەرانی نەکردبێت؟

**ڕێگا ڕەئوف:** بە (پێکەنینەوە) پرسیارەکانتان ئیزعاجی نەکردم، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەو هەموو ڕوداوانە کە بەشێکیان زۆر دڵتەزێنن، حەتمەن ئینسان دڵتەنگ ئەکات.



ڕێگا ڕەئوف

---

# توندوتیژی یەخەی ژنان بەرنادات

## لە دەڤەری بیتوێنو پشدەر توندوتیژی دژی ژنان ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبێت

ئاوات محەمەد

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەستدان دیاردەی توندوتیژی لەدەڤەری بیتوێنو پشدەر، ساڵ لەدوای ساڵ لەزیادبوندایە.

بەوتەی ژنانو لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لەهەوڵی باشترکردنی ڕەوشی ژناندانو بەردەوام خولو وۆرك شۆپی تایبەت دەکەنەوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە ئەو دیاردەیە کۆنتڕۆڵ بکرێت.

گوڵزار محەمەد ژنێکی دانیشتوی ناحییەی چوارقوڕنەی دەڤەری بتوێنە، پێیوایە توندوتیژی یەکێکە لەودیاردانەی کە لەکوردستان زۆر باوە. بەوتەی ئەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئاستی هۆشیاری لێك تێنەگەیشتنی هەردوو ڕەگەز لەیەکتریو زاڵبونی ئەو کلتورو دابونەریتەی کە سەراپای تاکی کوردی گرتوەتەوە، ناوبراو وتی "ئەمەش بووەتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز، دەربازبون لێی ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، هەر ئەوەشە وایکردوە پیاو بەردەوام وەك هێز خۆی دەردەخات، بەردەوام دەسەڵاتەکەی دەسەپێنێ بەسەر خێزانو منداڵەکانیدا".

گوڵزار محەمەد جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، ئەوەی جێگای نیگەرانییە کەحکومەتو پەرلەمان نەیان توانیوە ڕێگە لەو کارە نامرۆڤانەیە بگرن، کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت. هێماش بۆ ئەوەدەکات کە چارەسەر نەکردنی ئەم کێشەیەش، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئەوان کە بەرپرسن لەژیانی خەڵك.

ژنانی ناوچەی بتوێن جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، ڕێکخراوەکانی ژنان کاریان تەنها ئەوەندەیە تەنها دەچنە ناو کێشەکانەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانو ڕاگەیاندنەکان باسیان بکات.

بەپێی ئەوئامارەی دەستی **هاوڵاتی** کەوتووە، توندوتیژی زیادی کردوە لەچاو ساڵانی پێشتردا، لە ١/١تا ١/٧/ ٢٠٠٧ / (٥٦)حاڵەتی توندو تیژی لەدادگا تۆمارکراوە، بەڵام لە ١/١ تا ١/٧/ ٢٠٠٨ (٨٠) حاڵەت تۆمارکراوەو ١/١ تا١ /٧ /٢٠٠٩ (١٤٧) حاڵەت لە نوسینگەی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕاپەڕین لەسنوری پشدەر بیتوێن تۆمارکراوە، تا بەرواری ١-١١-٢٠٠٩ (٢٥٣) حاڵەت تۆمارکراوە. بەوتەی بەرپرسانی ئەو نوسینگەیە زیادبوونی حاڵەتەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژنان هۆشیار بونەتەوەو لەدادگاکان سکاڵا تۆمار دەکەن.



نیگار حەمە عەلی بەرپرسی لقی ڕانیەی ڕێکخراوی یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە لەسنورەکەی ئەواندا، کێشەی توندوتیژی دژ بەژنان، لەحاڵەت تێپەڕیووە بووەتە دیاردەیەك. بەوتەی ئەو ئەمەش بووەتە پەڵەیەك کە لەسنوری پشدەر بیتوێن زۆر ئاشکراو دیارە، ناوبراو وتی "حکومەتو پەرلەمانو هەتا وڵاتانی دەرەوەش، زانیویانە ئەم دیاردەیە هەیە، بەڵام ئەوان بۆ بێدەنگن ئەوە لای ئێمەش جێگای پرسیارە".

هەرچەندە بەبەردەوامی چەندین ڕێکخراوی ژنانو سەنتەرو نوسینگەی دژی توندوتیژی ژنان، هەفتانەو مانگانە چەندین کۆنفرانسو وۆرك شۆپیان ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا ئەو دیاردەیە نەتوانراوە کۆنتڕۆڵ بکرێت.

بەرپرسەکەی لقی ڕانیەی یەکگرتوی خوشکان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە بەپێی ئەو ئامارانەی کە لای ئەوانە، دیاردەکە ڕوو لەزیاد بوونە و وتی "دیارە کاری ئێمە تەنها کۆکردنەوەی ئافرەتانو قسەکردن بووە، ئەوە تائێرە با بەسبێ، چونکە لایەنەکەی تر فەرامۆش کراوە، کە پیاوانو دەبێت ئەوانیش تێبگەینرێن، ئەوەی لەگەڵ ئەوان دەژین مرۆڤن".

ناوبراو داوای ئەوەشدەکات با لەمەودوا هیچ ڕێکخراوێکی ژنان، هەندێ کاری بەسەرچوو نەکەن، وەك خولی درومانو خولی زمان، وتیشی "بەڵکو ئەمڕۆ کارکردن لەگەڵ عەقڵە، ئێستاش هەندێ پیاو هەن دان بەئینسانی بوونی ژندا نانێنو، گلەیم لەحکومەتو پەرلەمانە هەیە نەتیجەی کۆنفرانسێکمان بۆ بردن پەیمانیان دا یاسایەك دەربکەن، دژی ئەوکەسانەی توندوتیژی دژی ژنان دەکەن، بەڵام تائێستاش ئەو یاسایەمان نەبینیوە".

نوسینگەی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنان لەڕاپەڕین لەسنوری پشدەر بیتوێن، لە ٢٠٠٨/١١/٢٥ کراوەتەوە، ئامانج لەکردنەوەوی نوسینگەکە لەلایەن حکومەتەوە بەرەنگاربونەوەو ڕێگە گرتنە لەتوندوتیژی بەتایبەت بەرامبەر بەژنان.

ڕائید حەسەن خۆشناو لێپرسراوی ئەو نوسینگەیە لە لێدوانێکیدا بۆ **هاوڵاتی**، پێیوابوو دیارە توندوتیژی مێژوویەکی کۆنی هەیە هەر ڕوشدەدات، هێماشی بۆ ئەوەکرد توندوتیژی لەم ساڵانەی دوایدا زیادی کردوە، باسی لەوەشکردکە سنوری کاری ئەو نوسینگەیە زۆر فراوانەو ئەرکی ئەوان بەدواداچونی سەرجەم ئەو کارو ڕوداوانەیە کەدەچنە خانەی توندوتیژیەوەو بەشێوەیەکی یاسایی دیاری کراون.

ڕائید حەسەن خۆشناو وتی "ئێمە لێکۆڵینەوە ناکەین، بەڵام چاودێری دەکەین بۆئەوەی دۆسییەکان بەئاقاری ڕاستی خۆیاندا بڕۆنو هیچ بەڵگەیەك نەفەوتێ، ماف بدرێ بەخاوەن ماف، سزاش بۆ تاوانبار". بەوتەی خۆشی ئامانجی سەرەکی ئەوان ئەوەیە کە کەس لەدەرەوەی یاسا سزا نەدرێ.

دەربارەی ئەوەی کە لەلایەن زۆرێك لە ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوەکانی ژنانەوە بەردەوام ڕەخنە دەگیرێت، لەسەر مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکانی حیزبەکان، لێپرسراوەکەی نوسینگەی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنان لەڕاپەڕین ئەوەی ڕوونکردەوە، کە ئەوان هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە یاسا سەروەربێت، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەچێت، لەسنورەکەی ئەواندا پابەندبونی بەهێز هەیە بەداب نەریتی کۆمەڵایەتییەوە، ناوبراو وتی "کۆمەڵێ کێشە هەن لەروانگەی یاساوە قورسە چارەسەرکردنیان، بۆیە بوونی مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی زەرورییەتێك بووەو لاموایە تائێستاش پێویستە".

بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ڕائید حەسەن خۆشناوەوە، ئەوەیە ئەو مەکتەبانە ئەمڕۆ چۆن کاربکەنو ئەوەش پرسیاری جەوهەرییە. دەبێ نەهجی مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکان بگۆڕێ بۆئەوەی بچنە خانەی یاساوە، ئەویش بەوەدەبێ مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان نابێ تەنها ڕیش سپی پیاوماقوڵ بێ، وتی "بەڵکو دەبێ خەڵکی یاساییو توێژەری کۆمەڵایەتیو پسپۆڕی دەروونناسی لەگەڵیاندا هاوکاربێ، بۆئەوەی هیچ کاتێ شتێ نەکرێ دژی یاسابێ".

مامۆستا عەبدوڵڵا حەمەد پێشنوێژو وتارخوێنی حاجییاوا مامۆستای زانکۆ لە تکریت، پێیوایە توندوتیژی هەیە لەناوچەکەدا، بەڵام بەشێوەیەکی زۆرو بەربڵاو نییە، ئەو مامۆستایە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ئاینی ئیسلام دژی توندوتیژییەو نمونەی فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوا (د. خ) دەهێنێتەوە کە دەفەرموێ (انماالنساوشقائق الرجال)واتە (ژنان خوشکی موسڵمانی پیاوانن) واتە نیوەی کۆمەڵن، کۆمەڵگا لەپیاوانو ژنان پێکدێن، بۆیە نە بۆ ئافرەت هەیە پیاو بە کەم دابنێ، نەبۆ پیاویش هەیە ئافرەت بەکەم دابنێ. مامۆستا عەبدوڵڵا حەمەد هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆ بەشێکی پیاوان، کە بەوتەی ئەو پیاو بەهۆی خۆ بەزل زانینو تەکەبورەوە ئەو کارە دەکەنو دوای تێرکردنی ئارەزوەکانیان، بۆ ئەوەی حەیایان نەچێ پەنا بۆ ئەوکارە دەبەن. وتیشی "بەشێکی پەیوەندی بە ژنانەوەیەو خۆیان وادەکەن ئەوەیان بەرامبەر بکرێ". ئەو نمونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ژنێك حەزی لە پیاوێك کردوە، ئەو پیاوە ژنی هەبووە ئەو ژنەی حەزی لە پیاوەکە کردوە، داوای کردوە ژنەکەی پێشوی بکوژێ ئەویش ئەوەی کردووە دیارە ئەو ژنە لەو کارەساتە بەشدارە.

ڕێزان ئەحمەد توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە ڕێکخراو هەیە کاری کردوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ئەو توێژەرەوە کە بزانیین ئەوانەی لەناو ئەو ڕێکخراوانە کاردەکەن، کێن. وتیشی "دایك ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆری دایکانی ئێمە نەخوێندەوارن نەیان توانیووە بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن".

ڕێزان ئەحمەد هێما بۆ ئەوەدەکات کەبوونی ئابورییەکی سەربەخۆ، کاریگەری لەسەر هۆشیارییو بڕیاری ژنان دەبێ، بەڵام ئەوە لە وڵاتی ئێمە ئەگەر خاوەن شهادەیەکی باش نەبێ توانای هەبونی ئەو ئابورییەت نابێ، وتی "لەبەرئەوەی هەم شوێن نییە، کاری لێبکەی ڕێگەدان ئاسان نییە بەهۆی دەسەڵاتی پیاوسالاری لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمە کارلەسەر عەقل نەکراوە، بەڵکو زیاتر کارلەسەرجەستەو هێزکراوە، ئەوەش زیاتر لەناو پیاوان بەدی دەکرێ، بۆیە دەبێ لە ئەمڕۆوە کار بۆئەوە بکرێ، ئەو پەروەردەیە بگۆڕدرێ ئەوفکرولۆژیکە لەعەقڵ فکرمان چێنراوە کاڵ بکرێتەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی یەکسانو ئینسانیانە بژین دوور لەفکری توندوتیژی".